**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە :٢٩٦ لە ٢٠١٨/١/٤**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە نووسراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان/سەرۆك وەزیران ژمارە ٢٠٦٢ لە ٢٠١٦/٥/١٠ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بۆ زیاتر پیادەکردنی ناناوەندی لە پیادەکردنی دەسەڵاتەکان بڕیارماندا بە:**

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨

## دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگارو سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان

**یەکەم: دابەزاندنی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە بۆ پارێزگارەکان وسەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان سەرباری ئەو دەسەڵاتانەی کە بەپێی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ دراوە بە پارێزگارەکان:-**

**١: دەسەڵاتە کارگێڕییەکان**

**١- پێدانی موڵەتی ئاسایی بە مووچە بە فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان) تا ماوەی (٣٠) ڕۆژ بەمووچەی تەواو بۆ ناوەوەی هە رێم و دەرەوەی هەرێم بۆ فەرمانبەرانی پلە تایبەتەکان و ئەوانەی لەو پلەیەدان و هەروەها تا ماوەی (١٢٠) ڕۆژ بەمووچەی تەواو بۆ ناوەوەی هەرێم و دەرەوەی هەرێم بۆ فەرمانبەرانی پلە (١ تا ١٠)ی وەزیفی بەپێی ماددەی (٤٣) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و هەبوونی مۆڵەتی کەڵەکەبوو نەك بەشێوەی هەڕەمەکی و پاش ڕێکخستنەوەی مۆڵەتی کەڵەکەبووی هەر فەرمانبەرێك لە دۆسیەکانیان کە بریتییە لە کۆکراوەی (٣) رۆژ لە مانگێکدا لەماوەی ساڵانی خزمەتی فەرمانبەر.**

**٢- پێدانی سەرمووچەی ساڵانە بە فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بۆ گشت پلە وەزیفییەکان و قائمقامەکان (جگە لە پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان) بەپێی یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو و یاسای مووچەی فەرمانبەرانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و هەروەها پێدانی سەرمووچەی ساڵانەی فەرمانبەران بۆ ساڵانی پێشوو کە پێیان نەدراوە بەبێ هیچ ڕێگریەکی یاسایی بەهۆی کەمتەرخەمی فەرمانبەری تایبەتمەند بەبێ هیچ پابەندیەکی دارایی ماوەی دواکەوتنەکە.**

**٣- پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان) بەپێی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی**

هەموارکراو و یاسای مووچەی فەرمانبەرانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و ڕێنماییە کارپێکراوەکان و پاش ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پلە وەزیفییەکانی (١ و ٢ و ٣) لەدوای هەڵوەشانەوەی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٦ و (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوە.

٤- گۆڕینی ناونیشانی (نەك بەرزکردنەوەی پلە) ئەو فەرمانبەرانەی کە لە کاتی خزمەت بڕوانامەکانی (سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی) لە دوای دەوامی فەرمی بەدەست دەهێنن دوای پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا یان ئیدارەی تایبەتمەند بەپێی یاساو ڕێنماییەکان کە پسپۆڕی بڕوانامەکانیان بگونجێت لەگەڵ ناونیشانە وەزیفەکانیان بە هەمان مووچەی کە تێیدایە بەمەرجێك نەبێتە هۆی پلە بەرزکردنەوە تاکو کاتی هەڵوەشانەوەی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٦ و (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوە.

٥- پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕی پلە بەرزکردنەوە و گۆڕینی ناونیشان بەپێی مادەی حەفتەم لە یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ بەپێی یاساو ڕێنماییەکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی هەردوو بڕگەی (٣ و٤) سەرەوە.

٦- پێدانی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەرانی میلاکی پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان لەکاتی جێبەجێ کردنی کارەکانیان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەدەر لەو کارانەی کە پێیان سپێردراوە کە ئەرکە لەسەر فەرمانبەر ( کە تێیدا هۆیەکانی پێدانی سوپاس و پێزانینەکە دیاری کرا بێت) و پێدانی پێشخستن بۆ ماوەی یەك مانگ بەپێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموارکراو، و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠١٦ بەمەرجێك لە (٣) سوپاس و پێزانین زیاتر نەبێت.

٧- خەرجکردن و نوێ کردنەوەی گشت دەرماڵە (جێگیرو ناجێگیرەکان)ی بۆ فەرمانبەرانی میلاکی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان لە نێوان فەرمانگەو یەکەکارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان) بەپێی ڕێنماییە داراییەکان و یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، لە بەرواری شایستەبوون، جگە لە خەرجکردنی یەکەمجاری دەرماڵەی تایبەت بە ڕێژەی (٥٠٪) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ٢٠١١ لەبەر ئەوەی یەکەم جار دەبێت لە وەزارەت ڕاستکردنەوەی بڕوانامەی بۆ بکرێت و ئەم دەرماڵەیەیەی بۆ خەرج بکرێت.

٨- خانەنشینکردنی فەرمانبەران لە گشت پلەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان) پاش گەیشتنی فەرمانبەر بە تەمەنی یاسایی خانەنشینی بەپێی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی هەموارکراو.

٩- دەرکردنی فەرمان و رەزامەندی لەسەر وازهێنانی فەرمانبەر (الاستقالة) (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان) بەپێی مادەی سی و پێنجەم لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠

١٠- پێدانی مافی فەرمانبەری گرێبەست بۆ سوود وەرگرتن لە مۆڵەتەکانی (ئاسایی، نەخۆشی ، پێش و دوای منداڵبوون، بێ مووچە) بەپێی رێنمایی دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧.

١١- دەست نیشانکردنی نوێنەری پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخو بۆ دادگاکان.

١٢- پێکهێنانی گشت لیژنە پێویستیەکانی تر کە لە یاساو رێنماییەکاندا هاتووە بۆ پێك هێنانی لیژنەی کڕین و لیژنەکانی خەمڵاندن و فرۆشتن و.. هتد.. وئیمزاکردن و پەسەندکردنی کۆنووسی لیژنەکان.

١٣- پێدانی دەسەڵات بۆ بانگەوازی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و پێکهێنانی لیژنەکانی (کردنەوە) و (شیکردنەوە)ی تەندەرەکان بەپێی رێنماییەکانی گرێبەستە حکومییەکان و هەروەها لیژنەی سکاڵا و ئیحالەکردنی پرۆژەکان و ئەنجامدانی گرێبەست.

١٤- پێك هێنانی لیژنەی لێکوڵینەوە بەپێی یاسای رێککاری فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموارکراو بۆ فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگاو فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان) و سزادانی فەرمانبەران لەسەر پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە بە رەچاوکردنی مادە ١٠ لە یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١ هەموار کراو.

١٥- سزادانی فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگاو فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بە گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان) بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەپێی سزاکانی برگەکانی ( یەکەم و دووەم و سێیەم ) ماددە (٨) لە یاسای رێککاری فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموارکراو پاش لێپرسینەوە لێیان بەرامبەر ئەو سەرپێچییەی کە کردوویانە.

١٦- دەستکێشانەوەی (سحب الید) فەرمانبەر بۆ ماوەی زیاتر نەبێت لە (٦٠) رۆژ بەپێی بەشی پێنجەم ماددەی شازدەیەم لە یاسای رێککاری فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموارکراو.

١٧- ناردنی فەرمانبەران بۆ دادگا تایبەتمەندەکان کە کردەوەیەك ئەنجامدەدەن دەکەوێتە خانەی تاوان بەپێی ماددە بیست و چوارەم لە یاسای رێککاری فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموارکراو.

١٨- گواستنەوەو تەنسیبکردنی فەرمانبەرانی میلاکی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان لە نێوان فەرمانگەو یەکەکارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە

تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان) بەپێی ڕێنماییەکان و یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموار و ڕێنمایی میلاك ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ و گشتاندنی وەزارەتی دارایی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠. بەمەرجێك بەپێی پێویست و بەرژەوەندی گشتی بێت.

١٩- پێدانی مۆلەتی منداڵبوون و دایکایەتی بۆ فەرمەنبەرانی (ئافرەت) دیوانی پارێزگا ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بۆ گشت پلە وەزیفییەکان ماوەی (٢١) ڕۆژ پێش لە دایك بوون و (٥١) دوای لە دایك بوون وە مۆلەتی دایکایەتی بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و بەرەچاو کردنی ڕێنماییە داراییەکان وە بە پێی (بەڵگەنامەی لە دایك بوون) و یاسای دەرماڵەی منداڵبوون و دایکایەتی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٣ی هەرێمی کوردستان و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠١٣.

٢٠- ڕاستکردنەوەی ناوی فەرمانبەران بەپێی بەڵگەنامەکان و (صورة قید/ وێنەی تۆمار)ی خێزانی و بڕیاری دادگا.

٢١- ئیمزا کردن لە سەر گشتاندن و نوسراوەکان .

٢٢- ناردنی فەرمانبەران بۆ لیژنە پزیشکییەکان و پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی بەپێی مادده (٤٦) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەمموارکراو .

٢٣- ناردنی دۆسیەی کەسێتی و بروانامەی دوا مووچەی فەرمانبەران لە کاتی گواستنەوەیان لە نێوان بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ.

٢٤- کۆتایی هێنان بەراژەی فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگا ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان) دوای تێپەر بوونی ماوەی ئاگادارکردنەوە (اخطار ) بەپێی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو و یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی هەرێمی کوردستان .

٢٥- ترقین قیدکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کوچی دوایی دەکەن بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان).

٢٦- جێگیرکردنی وەزیفی فەرمانبەران بۆ گشت پلە وەزیفییەکان لە راژە دوای تەواو کردنی ماوەی خستنە ژێر تاقیکردنەوە بەپێی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو .

٢٧- جێگیرکردنی تەمەنی فەرمانبەران بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان) بەرەچاو کردنی مادده (٢٥) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧) ساڵی ٢٠٠٦ هەموار کراو.

٢٨- ئیفادکردنی فەرمانبەران بۆ گشت پلە وەزیفییەکان (جگە لە پلە تایبەتییەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان بو ناوەوەی هەرێم و عێراق تا ماوەی (٣٠) رۆژ.

٢٩- ئاراستەکردنی نوسراوی تایبەت بەپسپۆری پارێزگا بۆ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان جگە لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و بالێوزخانە و کونسولگەریە گشتیەکانی عێراق و هەرێم.

**٢ : دەسەڵاتە داراییەکان**

١- خەرج کردنی پێشینەی بەردوامی تەرخان کراو بۆ دیوانی پارێزگا یان ئیدارە بەپێی ڕێنمایی دارایی تایبەت بەخەرج کردن .

٢- خەرجکردنی بڕی پارەی مۆڵەتی کۆکراوە (بدل إجازة المتراكمة) بۆ فەرمانبەرانی دیوانی پارێزگا ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ بۆ گشت پلە وەزیفییەکان بەپێی ڕێنماییە داراییەکان و یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، لە کاتی خانەنشین کردنیان.

٣- ڕەزامەندی بەشدار بوون لە تۆڕی ئەنتەرنێت و ڕۆژنامەکان بەپێی تەرخانکراوی بودجە و بە پێی پێویست .

٤- پاکتاو کردنی پێشینەی کۆتایی بۆ گشت پڕۆژەکان لە تەرخانکراوی سەرجەم جۆرەکانی بودجە تا بڕی (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠) یەك ملیار دینار لەسەر تەرخانکراوی پشتیوانی کراو لە ڕێگای دامەزراوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابوری لە ناوەندی پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکان بەپێی بڕگەکانی گرێبەست و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان و ئاگادار کردنەوەی وەزارەتی پلاندانان لە کاتی تمويل.

٥- خەرج کردنی پارەی سوتەمەنی ئوتۆمبیل و ئامێرەکان و هۆکارەکانی تر (گاز و بەنزین و نەوت و ڕۆن) لە چوار چێوەی ڕێنمایی دارایی بەپێی پسولەی پێداویستی .

٦- کڕینی پێداویستییە پەڕاوگەییەکان (القرطاسية) بەپێی پێویست .

٧- چاککردنی ئوتۆمبیل و ئامێرەکان بەپێی کەشف بۆ هەر حاڵەتێك لە چوار چێوەی ڕێنمایی دارایی و پارەی تەرخانکراو .

٨- نوێکردنەوەی مووچەی موختار لە سنووری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٩- نوێکردنەوەی کرێی ئۆتۆمبیل بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

١٠- خەرجکردنی کرێی پارێزەر و شارەزای دادی بەپێی بەڵگەنامەی دادگاکان.

١١- خەرج کردنی شایستە داراییەکانی تایبەت بە پرۆژەکان بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان پاش تەواوکردنی ڕێککارە یاسایی و کارگێڕییەکانی هەردوو لیژنەی (کردنەوە) و (شیکردنەوە)ی تەندەرەکان.

١٢- چاککردنی دامەزراوە ئاویەکان و کارەباییەکان بەپێی پارەی تەرخانکراو لە پێشینەو بەپێی ڕێنمایی دارایی .

١٣- خەرج کردنی پارەی ئیفادی ناوەوەی وولات بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان .

١٤- خەرج کردنی شایستە داراییەکانی ئەو پرۆژانەی بە شێوەی ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێن (تنفیذ مباشر) بەپێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان..

**دووەم:** پێویستە هەندێك لەم دەسەڵاتانەی ئاماژەی پێدراوە دابەزێندرێت بۆ جێگری پارێزگار وجێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخو وقايمقامە فعليەكان.

**سێیەم:** لەکاتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان ئەم دەسەڵاتەی سەرەوە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی پارێزگار کە هاتووە لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەوا کار بەو دەسەڵاتانە دەکرێت کە لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە.

**چوارەم:** کاربەهیچ ڕێنمایی و نوسراوێك ناکرێت پاش دەرچوونی ئەم بەیانە.

**پێنجەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**